# فەتوای لا بەلا

**مەلا نوزاد گەردی**

دوابەدوای بڕیاردانی لیژنەی بالآی فەتوای كوردستان بۆ حوكمی پێشینەی خانووبەرە باسی مەلایەكیان كرد كە لەوتاری هەینی لەسەر مینبەر هاواری كردبوو (سولفەی عەقارات حەرامە هەركەسێكیش وەریگرێت وەكو ئەویە زینا لەگەڵ دایكی خۆی بكات)، منیش ژمارەكەیم وەرگرت‌و بەئەسپایی زەنگم بۆ لێدا:

* سەلاموعەلێكم.

- علیكم السلام ورحمە اللە وبركاتە.

* ماموستا گیان سوئالێكمان هەیە ئەگەر وەڵامان بدەیتەوە؟

- فەرموو پرسیاركە تا وەڵامت بدەمەوە

* ماموستا گیان ئەو سولفەی عەقارات‌و مەقاراتەی بۆ خانوو دەدرێت حەرامە یان حە...؟

- نا نا نا نەكەی حەرامە ئەوە ڕیبایە.

* ماموستا ئاخر زۆر موحتاجم خانووی دە....؟

- خاڵە گیان پێمگوتی كە حەرامە، وەكو زینایە لەگەڵ دایكی خۆت.

* ماموستا گیان بێ ئەدەبیشە لەڕووی جانبتان دەڵێن لیژنەی فەتوا بڕیاری داوە كە حەرام نییە؟

- ئینجا ئەوان چ دەزانن، چوار كۆلكە مەلا دانیشتون بەس چا دەخۆنەوە.

* ماموستا دەستت ماچ دەكەم یەعنی وەرنەگرم؟

- ئەگەر حەزت لە جەهەننەمە بڕۆ وەرگرە.

* ماموستا لەبەرچی حەرامە؟

- دیارە تۆ ئیمانت بە خوا نییە؟ كاكە زیادەی لەسەرە، هەر قەرزێكیش زیادەی لەسەر بێت ئەوا ڕیبایە، ئێ ڕیباش حەرامە.

* ماموستا زیادەكەی سەری چەندە؟

- نازانم ئاگام لێنییە.

* شێوازی زیادەكەی چۆنە؟

- وەڵڵا ئاگادار نیمە نازانم، خەڵك دەڵێن زیادەی لەسەرە.

* ماموستای بەڕێز من (.........)م لەیەكێتی زانایان، توخواكەی ئاگات لەشتێك‌و زانیاری لەبارەوە نەبێت چۆن فەتوای لەبارەوە دەدەیت؟ بەڕێزەكەم ئاخر ئەو ئایەتەت لەبیر چووە (ولاتقف مالیس لك بە علم ان السمع والبصر والفؤاد كل اولئك كان عنە مسؤلا).

- وەڵڵا ماموستا گیان خەڵك هەموی دەڵێن زیادەی لەسەرەو حەرامە.

* ئێ ماموستای بەڕێز تۆ ئیمامی یان خەڵك؟ تۆ دەبێت ئەوان فێری حەرام‌و حەلاڵ یان تۆ فێر بكەن؟

بەداخەوە زۆرن ئەوانەی هێشتا پەڕوباڵی زانستیان تەواو دەرنەكردووە باس لە حەرام‌و حەلاڵ دەكەن‌و حەلاڵەكان لەخەڵك حەرام دەكەن‌و ڕێچكەی فراوانی ئیسلام تەسك دەكەنەوە، بەچاوی گومانەوە سەیری هەمو شتە تازە پەیدابووەكان دەكەن‌و بێ ئەوەی بگەڕێنەوە سەرچاوەكانی شەرع‌و ڕای زانایانی كۆن‌و نوێ هەر خێرا چەقۆی حەرامی بەملدادێنن، ئەوەندە بەگومانیشە بەرامبەر بەلیژنەی فەتواش هەركە بزانێت ئەوان قسەیان كردووە لەسەر شتێك هەر زوو بۆ خۆ دەرخستن‌و ناوبانگ دەركردن بەپێچەوانەی ئەوان فەتوا دەردەكات، دەیەوێت واخۆی نیشانی خەڵك بدات كە عیلم هەر لای ئەوەو هەر ئەویش دڵسۆزی دین‌و ژینی خەڵكە.

بەڵام ماموستای ئاینی دەبێت زۆر لەوە گەورەتر بێت كە ئەوە بیركردنەوەو بڕیاردانی بێت، خۆ ئەگەر شتێكیشت بەدڵ نەبوو یان پێت وایە بڕیارەكە هەڵەیە، سەر مینبەر شوێنی دەركردنی فەتوا نییەو وەڵامدانەوەی بەم شێوەیە بێ سەروبەریەك لەفەتوا دروست دەكات‌و پشێوی لەناو موسڵمانان دەنێتەوە، سەرەنجام پێمان دەڵێن مەلاكان سەریان لەخەڵك شێواندوە، لەكۆتاییدا موسڵمانان توشی پەرتەوازەیی دەبن، بەڵو پێویستە چۆن لەكۆتا ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا چاوەڕوانی لیژنەی بینینی مانگ دەكەین‌و بۆ كردنە جەژن، ئەوەندە متمانەمان بە بڕیاری ئەو لیژنەیە هەیە بێ ئەوەی هیچمان بەچاوی خۆمان مانگ ببینین بەبێ دوودڵی دەیكەین بە جەژن، ئاوەهاش متمانەمان بە زانستی زانایانمان هەبێت‌و بیگوازینەوە بۆ ناو چین‌و توێژەكانی خەڵك‌و مەرجەعێك بۆ فەتوا پێشان بدەین، ئەگەر بۆچوونی تایبەتیشمان هەبوو بەرامبەر بە هەر فەتوایەك بە پشت بەستن بە بەڵگەی زانستی‌و شەرعی كە شتێكی زۆر ئاساییە، ئەوا مینبەر شوێنێكی شیاو نییە بۆ دەربڕینی، بەڵكو گفتوگۆ حیوار دەمانگەیەنێ بە خاڵی هاوبەش.

# لیژنەی باڵای فەتوای كوردستان لەسەر بەدەل حەج‌و هێنانی دیاری حاجیان ڕوونكردنەوەیەك بڵاودەكاتەوە

## بەدەل حەج

داوا لەسەرجەم موسڵمانانی خۆشەویستی كوردستان دەكەین كە بە هیچ شێوەیەك پارە نەنێرن بۆ ئەوێ، هەر كەسیش پێی خۆشە حەج بۆ مردووەكەی یان نەخۆشەكەی بكرێت با لێرەوە كەسێكی بنێرێت بەتایبەتی، یا لەوێ كەس لەگەڵ خۆی بێت لە هەموو ئەرك‌و واجباتەكان.

مەسەلەی (بەدەل حەج) مەسەلەیەكی گرنگ‌و جێگەی بایەخە، بۆیە هەركەسێ بیەوێ (بەدەل حەج) بنێرێ لەسەری واجبە بەوردی بگەڕێ‌و پرسیار بكا بۆ دۆزینەوەو هەڵبژاردنی كەسێكی خواناس‌و بڕوا پێكراو، دروست نییە هەروا بەئاسانی چەند وەرەقەیەك دۆلار بدات بە كۆمپانیایەك یا كەسێك نەیناسی‌و لەوەزعی ئاگادار نەبێت‌و بڵێت: حەجم بۆ بكە لەجیاتی فلانە كەسی خزمم بە ئەوەندە، ئەوە بەو شێوە ئەو حەجە نایەتە دی‌و جێبەجێ نایێت، فەرزەكەش لەسەر ئەو مردووە یا ئەو نەخۆشە پەك كەوتووە لاناچێت.

بەتایبەت ئیمڕۆ لە كوردستانی خۆمان بۆتە دیاردەو عورفێكی خراپ كە كەسانێك پارەی خۆیان ئەنێرن تا لە حیجاز حەج بۆ مردووەكانیان یان نەخۆشەكەیان بكرن.

زۆربەی ئەم بەدەل حەجانە جێگەی خۆیان ناگرن لەبەر ئەوەی تۆ بە هیچ شێوەیەك ئاگادارنیت لەوەی ئاخۆ ئەو كەسە جێگەی متمانەو بڕوا پێ كردنە یان نا؟ كارەكان جێبەجێ ئەكات یان نا؟ ئایا پارەی لەچەند كەسانی تری وەك تۆ وەرنەگرتووە؟

ئایا ئەو نووسینگە كارەكە بەباشی ئەنجام ئەدات؟ لە هەموو ئەمانە تۆ هیچی لێ نازانیت بێجگە لەوەی نەبێت كە دوای حەج وەرەقەیەكت ئەدەنێ كە ئەم فلانە كەسە لەباتی فلانە كەس حەجی بەجێ گەیاند، ئایە لەواقیعیشدا وابوو؟ دیار نییە.

هەروەها حكومەتی سعودیەش ئێستا زۆربەی ئەو نوسینگانەی داخستون‌و قەدەغەی كردوون.

بۆیە ئێمە وەك لیژنەی فەتوا: داوا لەسەرجەم موسڵمانانی خۆشەویستی كوردستان دەكەین كە بە هیچ شێوەیەك پارە نەنێرن بۆ ئەوێ، هەر كەسیش پێی خۆشە حەج بۆ مردووەكەی یان نەخۆشەكەی بكرێت با لێرەوە كەسێكی بنێرێت بەتایبەتی، یا لەوێ كەسە لەگەڵ خۆی بێت لە هەموو ئەرك‌و واجباتەكان.

هەروەها داوا لە مورشیدە بەڕێزەكان‌و متعهدە بەڕێزەكانیش ئەكەین بە هیچ جۆرێك ڕێگەی ئەم جۆرە كارانە نەدەن، كە بە فیڕۆدانی بەشێكی زۆری سامانی وڵاتەكەمانی تیایەو! زۆر بەی ئەو حەجانەش كە بەو شێوە ئەكرێن‌و ئەنجام ئەدرێت شوێنی خۆی ناگرێت مەرجی تەواوی شەرعیان تێدا نییە.

## دەربارەی دیاری بەخشینەوەی حاجیان دیاری هێنان

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەڵگانە دەگەینە ئەوەی كە ئەم دیاریانەی ئەمڕۆ بەشێوەی كە ڕوودامان سەختی‌و گرانی‌و ئەركی زیادی دروستكردووە لەسەر حاجیان شەرعیەتی خۆی لەدەست داوەو هێنان‌و كڕینی باش نییە، تەنها پابەند بن بە هەندێ دیاری كەمی بێ ئەركەوە باشە، بۆیە وەك لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان داوا دەكەین لەسەرجەم حاجیانی بەڕێزی كوردستان خۆیان خەریك نەكەن بە كڕین‌و هێنانی دیاری‌و كەلوپەل زیاتر هەوڵ بدەن خەریك بن بە جێ كردنی ئەرك‌و واجباتە.

دیاری حاجیان كاتێ كە لەسەفەری حەج دەگەڕێنەوە، تاچەندە دروستە هەر كەسێك ئەو سەفەرەی ئەنجام دا دیاری بكڕێت‌و بداتە هەموو ئەوانی سەردانی دەكەن؟

وەڵام:

بۆ ئەوەی وەڵامێكی دروستی ئەم بابەتە بدەینەوە پێویستە سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدەین:

١ - ئەصڵ لەدیاری‌و دیاریداندا ڕەوا بوونەو كارێكی جوانەو سوننەتێكی دروستی موسڵمانانە وەك ئەوەی كە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (تهادوا تحابوا، فإن الهدیة تذهب وحر الصدر) (رواة البیهقي والحاكم).

٢ - پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری بڕواداران دەكات كە كەس دیاریەكان نەگێڕێتەوەو دەفەرموێ: (لاترد الهدیة، وأجیبوا الداعي، ولاتضربو المسلمین) (رواه ابو یعلي وابن حبان والبزار، تحاف المهرة ٣/١٢١).

٣ - لەدیاریەكاندا سەیری گەورەیی‌و گرانی‌و بچوكی‌و كەم بەهایی ناكرێت، (لو أهدی الی ذراع لقبلت، ولو دعیت الی كراع لاجبت) (رواةالبیهقي في الاداب ١/٤٤).

بۆیە لەمەڕ هێنانی دیاری حاجیان‌و زیادبوونی ئەركەكانی لەسەر تاكەكان دەڵێین:

١ - وەرگرتنی دیاری لە هەموو كاتێكدا ڕەوا نییە هەروەك بەخشینیشی لە هەموو كاتێكدا ڕەوا نییە.

٢ - بڕواداران هەر كارێكی ڕەواو دروست ئەنجام دەدەن پێویستە لەسنوری سروشتی دەرنەچێت، هەر ئەوەندە ڕەوایە كە لەسنوری شەرعی دابێت، دەرچوون لەو بازنەیە ئەوكاتە شەرعی بوون لەدەست دەدات! لەفەرموودە هاتووە (لا ضرر ولا ضرار، ولا یحلُّ مال أمریْ مسلم إلا بطیب من نفسه).

٣ - هەركات گەیشتە زیان لە كەسەكە ئەوكاتە كارەكە ڕەوابوون لەدەست دەدات... (قال ابن القیم: فإن حكمة الشارع اقتضت رفع الضرر عن المكلفین ما أمكن).

٤ - خوای گەورە دەفەرموێ: (وما جعل علیكم فی الدین من حرج) هەر شتێك ئەرك‌و حەرەجی دروست كرد لە دین دەردەچێت.

٥ - هەر كارێك گەیشتە یەختی‌و گرانی دەبێت ئاسانكاری تیا بكرێت... (المشقة تجلب التیسیر). (الاشباه والنظائر للسیوطي ١٠).

٦ - كاتی زانایانی ئوصوڵی پێناسەی (ضرر) دەكەن دەڵێن: (الضرر الم القلب والضرب یسمی ضررا وكذلك تفویت المنفعة والشتم والاستخفاف — فاالضرر خلاف النفع) (الابهاج للسبكي ٣/١٦٦)، هەروەها دەڵێن: (وهو عام في كل حرج وضرار ضرورة كونه نكرة في سیاق النفي) (الاحكام في اصول الاحكام ٣/٣٠).

٧ - خوای گەورە دەفەرموێ: (یرید الله بكم الیسر ولا یرید بكم العسر) البقره: ١٨٥، ئاسانكاری بریتییە لە كەم كردنەوەی ئەركەكان‌و سەختییەكان.

٨ - پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (لایؤمن أحدكم حتی یحب لاخیه مایحب لنفسه) رواه مسلم١/٦٧.

٩ - پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (هدایا العمال غلول) هەركەسێك كاربەدەستێك بێت دیارییەكان نابێ وەربگرێت لەبەر ئەوەی گومانی بزاوتن لە دادپەروەری لێ دەكرێت، لێ قەدەغە دەكرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بابەتە ڕەواكان بەرەهای ڕەوانابن مەرجی خۆیان هەیە.

١٠ - بابەتێكی تر هەیە ئەویش دووركەوتنەوەیە لە ئیسراف‌و زیادەڕۆییە، بەدەقی چەند ئایەت‌و فەرموودەیەك ئیسراف ڕەوا نییە، لەوانە:

أ - خوای گەورە دەفەرموێ: (وَلاَ تَجْعَلْ یَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَی عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ) الاسراء: ٢٩.

ب - خوای گەورە دەفەرموێ: (وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ إِنَّهُ لاَ یُحِبُّ الْمُسْرِفِینَ) الاعراف: ٣١.

ج - قال الشاطبي: (والحاصل ان التفقه في المباح بالنسبة الی الاسراف وعدمه والنحل علی ذلك مطلوب وهو شروط تناول المباح) (الموافقات ١/١٩٢)، هەروەها دەڵێن: (ولیس في الاسراف حد یوقف دون فیكون راجعا الی الاجتهاد) (الموافقات ١/١٢١).

د - زانایان راڤەی (الاسراف) دەكەن بە: (صرف الشيء فیما ینبغي زائدا علی ما ینبغي)، بەڵام (تبذیر) بە: (صرف الشيء فیما لاینبغي) پێناسە دەكەن.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەڵگانە دەگەینە ئەوەی كە ئەم دیاریانەی ئەمڕۆ بەشێوەی كە ڕوودامان سەختی‌و گرانی‌و ئەركی زیادی دروستكردووە لەسەر حاجیان شەرعیەتی خۆی لەدەست داوەو هێنان‌و كڕینی باش نییە، تەنها پابەند بن بە هەندێ دیاری كەمی بێ ئەركەوە باشە، بۆیە وەك لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان داوا دەكەین لە سەرجەم حاجیانی بەڕێزی كوردستان خۆیان خەریك نەكەن بە كڕین‌و هێنانی دیاری‌و كەلوپەل زیاتر هەوڵ بدەن خەریك بن بە جێ كردنی ئەرك‌و واجباتە.

# حوكمی شەرعی گۆڕینی نەتەوە

**سەبارەت بە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوایەتی لیژنەی باڵای فەتوای كوردستان فەتوایەكی تایبەت بەو بابەتەی دەركردووە، كە ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**( وَلاَ یَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَی أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَی )**

بەداخەوە ماوەیەكە هەست دەكرێت كە هەندێ لەناحەزانی كورد هەوڵدەدەن جارێكی تر پیلانی شۆفێنیانەی خۆیان جێبەجێ بكەن‌و نكۆلی لە كورد بوونی ژمارەیەكی زۆری هاوڵاتییانی كوردستان بكەن، بەتایبەتی كوردانی شەبەك‌و ئێزیدی، بۆ ئەوەی پێگەی كورد لە ئیراقداو لەكاتی سەرژمێری گشتی كەم بكرێتەوە، هەر بۆیە لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان بەپێویستی زانی كەوا ڕای شەرعی خۆی لەم بابەتە رابگەینێت.

خوای گەورە مرۆڤایەتی دابەش كردوە بەسەر گەل‌و نەتەوەكاندا نەك بەپێی ویستی تاكەكان، بە بەڵگەی قورئانی (وجعلناكم شعوباً وقبائل) هەر خوای گەورە خۆیشی حیكمەتەكە دەزانی‌و، هەر تاكێكی كۆمەڵگای كردۆتە ئەندام لەنەتەوەیەكدا بەویستی خۆی‌و، پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ) بە هیچ شێوەیەك ڕێگای نەداوە كە مرۆڤ حاشایی‌و نكۆلی لەگەل‌و نەتەوەكەی بكات‌و، دەفەرموویت‌و دەفەرموێت (إنَّ من أعظم الفری أن یدَّعي الرجل إلی غیر أبیه) و(من ادَّعَی إلی غَیْرِ أبیه وهو یَعْلَمُ أَنَّهُ غَیْرُ أبیه فَالْجَنَّةُ علیه حَرَامٌ)، سەرەڕای ئەوەی كەوا لەكومەڵگای ئیسلامیدا ژمارەیەك لە (صەحابەو یاران) بە نەتەوەكانیان ناسرابوون‌و هیچ كەس نكۆلی لێ نەكردن‌و ناسنامەی نەتەوەیی لێی قەدەغە نەكردن‌و، چەندین بەڵگەی تر.

بۆیە بەپشت بەستن بەڕای زانایانی ئیسلام لەسەر شی كردنەوەی ئەم كۆمەڵە فەرمایشتانەی سەرەوە، لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی كوردستان ڕایدەگەینێت كە: (مافێكی سروشتی هەموو مرۆڤێكە خۆی بە نەتەوەكەی خۆی بناسێنێت‌و لادان لەناسنامەی نەتەوایەتی‌و گۆڕینی نەتەوە چ بەویستی خۆی وەیا لەژێر هەر فشارێك بێت پێشێل كردنێكی ئاشكرایی ویستی خوای گەورە دادەنرێت‌و، هیچ كەسێكیش بۆی نییە فشار لەسەر هیچ كەسێكی تر بكات بۆ گۆڕینی نەتەوەكەی، بەڵكو گۆڕینی نەتەوە لەئیسلامدا بەتاوان هەژمار دەكرێت).

**لیژنەی باڵای فەتوا ی هەرێمی كوردستان**

**٢٠١٠/١٠/٢٦**

# حوكمی گۆشتی بەستراوی هاوردە

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**ب/ فەتوا لەسەر گۆشتی هیندی**

الحمدلله رب العالمین والصلاة والسلام علی سیدنا محمد وعلی آله وأصحابه والتابعین ومن تبعهم بإحسان إلی یوم الدین، أما بعد:

ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١٩ كۆمەڵێك كاسبكارانی سلێمانی ئەم پرسیارەی خوارەوەیان ئاراستەی لیژنەی باڵای فەتوای كوردستان كرد: ئێمە لەشاری سلێمانی گۆشتی بەستوی هیندی كە هی گامێشە وە لەسەر ڕێگەی شەریعەت سەر دەبڕدرێت، كڕین‌و فرۆشتنی لەسەر دەكەین بە قاچاخ، چونكە ئەم گۆشتە قەدەغەكراوە بە بڕیاری دكتۆرێك كە گوایا لە فەحس دەرنەچووە، جا ئایا كڕین‌و فرۆشتنی ئەم گۆشتە حەلاڵە یان حەرام؟

دوای باس‌و لێكۆڵینەوە لەلایەن لیژنە بەم شێوەی خوارەوە بڕیاردرا:

هەر گۆشتێك كە هاوردەی كوردستان دەكرێت بەم مەرجانەی خوارەوە حەلاڵە:

١ - بزانرێت كە ئەو گۆشتە گۆشتی ئەو گیانلەبەرانەیە كە لەئایینی ئیسلام حەلاڵن.

٢ - سەربڕدرابێت لەسەر ڕێگەی شەریعەتی ئیسلام، یا بەلای كەمەوە لەسەری نوسرابێت لەسەر ڕێبازی شەریعەتی ئیسلام سەربڕاوە.

٣ - ڕێگە پێدراوبێت لەژێر ڕێنومایی وەزارەتی تەندروستی‌و دەرچوونی لە تاقیگەی پزیشكی.

والسلام علیكم ورحمە اللە وبركاتە.

٢٠١٠/١٠/٢١

# بەڵگەکان دەیسەلمێنن لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی هەولێرو



**ئا: جەعفەر گوانی**

لەژمارەی رابردووی رۆژنامەی (پەیام) هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە، کە لە قوتابخانەی بنەڕەتی (میدیا) لە هەولێر وانەی ئینجیل لەپەنای وانەی مێژوو و زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگوترێتەوە، کە دەرکەوت ئەو قوتابخانەیە لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش بەتایبەتی لەسلێمانی و دهۆکیش هەیە.

رۆژنامەی (پەیام) تەنها هەواڵەکەی بڵاوکردەوە، کەچی دوای ئەوە هەندێك رۆژنامەنووس بەتایبەتی بەڕێوەبەری راگەیاندنی ئەوقاف ویستیان بۆ هەر مەبەستێك بێت هەواڵەکە بشێوێنن، هەندێکیان ویستیان بەو ئاقارەی ببەن، کە ئەوە دژی پێکەوەژیانە، هەندێکیش وەك رۆژنامەنووس مافی ئەوەیان بەخۆدا بوونە موفتی و، فەتوای ئەوەیاندا، کە ئاساییە ئینجیل بگوترێتەوە، چونکە مادەی هۆشبەر نییە، لە هەمووی سەیرتر بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خۆی داندەنێت بە ناوەڕۆکی هەواڵەکە، کەچی هەندێك رۆژنامەنووس نکۆڵی دەکەن، بەڕێوەبەری قوتابخانە لەرۆژنامەی هەولێر دان بەوە دەنێت، کە لە وانەی زانستی مرۆڤایەتی سوودیان لە ئینجیل وەرگرتووە، وەلێ وای پیشان دەدات، گوایە سوودیان لە قورئانیش وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی بتوانێت یەك شوێن باس بکات، کە تێیدا سوودیان لە قورئان وەرگرتووە.

## شێواندنی هەواڵەکە

هەواڵەکەی رۆژنامەی (پەیام) روونە، کە لەپەنای وانەی مێژوو ئینجیل دەخوێندرێت، کە بەڕێوەبەرەکەی قوتابخانەکەش دانی پێدادەنێت، کەچی هەندێك رۆژنامەنووس وەك ئەوەی تاقەتی خوێندنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵەکەیان نەبووبێت، هەواڵەکەیان شێواند، گوایە رۆژنامەی پەیام نووسیویەتی وانەی ئینجیل وەك وانەیەکی سەربەخۆ دەخوێندرێت.

## هەواڵەکە راستە وەکو مانگی چواردە

هەرچەندە ئەوەی قسەکانی بەڕێوەبەری گشتی قوتابخانەکانی (میدیا)ی بنەڕەتی بخوێنێتەوە، دەگاتە هەقیقەتی ئەوەی کە هەواڵەکە راستە، چونکە خۆی دان بەوە دەنێت، کە ئەوان پشت بە ئینجیل دەبەستن.

هەروەها هەر یەك لە وەزارەتی ئەوقاف و داواکاری گشتی و وەزارەتی پەروەردەش ئەو هەقیقەتەیان دووپات کردەوە، کە ئێمە دڵنیاین هیچ یەك لەو دەزگایانە رێ بەخۆیان نادەن، بەبێ زانیاری هەمان ئەو شتە دوپات بکەنەوە.

## یاسای پەروەردە بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان

وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بۆ رۆژنامەی هەولێر رایدەگەیەنێت، کە وەزارەتەکەیان هۆشداری داوەتە ئەو قوتابخانەیە، کە بۆ ماوەی ١٠ رۆژ مەنهەجەکە بگۆڕن.

شیاوی باسکردنە سەرجەم قوتابخانە ئەهلیەکان پابەندی یاسای وەزارەتی پەروەردەن، کە دەبێ وانەی ئایینی ئیسلامی و وانەی کوردی و پەروەردەی نیشتیمانی بە کوردی تێدا بخوێندرێت، بۆ ئەوەی دەرچووانی ئەو قوتابخانانە، نامۆ نەبن بە وڵات و نیشتیمانەکەیان.




## بۆ ئینجیل مادەی هۆشبەرە؟

چەند کەسێك، لە ماڵپەڕو بابەتەکان نووسیانە: خۆ ئینجیل مادەی هۆشبەر نییە، کە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە نارازین، ئەوانە تێناگەن، کە ئێمە دەمانەوێت ئەقڵیەتی منداڵ نەشێوێندرێت، لەقۆناغەکانی کۆلێژو پەیمانگاکانی خوێندنی ئیسلامی موقارەنەی ئەدیان دەخوێندرێت، هەروەها دەکرێ لەقوتابخانەیەکی مەسیحی ئینجیل و هەر شتێك پەیوەست بە دینی مەسیحیەوە بێت بخوێندرێت، ئەوە هەقێکی ئاسایی خۆیانە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك پەسەند نییە، منداڵی موسڵمانان وانەی ئیسلامی لێ قەدەغە بکرێت و، وانەی مەسیحی بخوێنێت، یان منداڵی مەسیحی لە قوتابخانە حکومیەکان زۆری لێ بکرێت، کە لە وانەی پەروەردەی ئیسلامی دانیشێت، پەیامی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان و داواکاری گشتیی روونە: یان پرۆگرامەکە بگۆڕن، یان چۆن قوتابی مەسیحی لە پەروەردەی ئیسلامی عەفو دەکرێت، منداڵی موسڵمانیش لەو وانەیە عەفو بکرێت، کە زیاتر لە (٩٠٪) قوتابییەکانیان موسڵمانن.

## بەڵگەکان خۆیان دەدوێن

ئەگەر تەواوی ئەو شوێنانە بڵاوبکەینەوە پێویستمان بەکتێبێکی گەورەیە، بەڵام لەخوارەوە چەند شتێك باس دەکەین.

## قوتابخانەی میدیا: ئێمە مەسیحیەت دەخوێنین


Classical School of the Medes follows a Christian Principle and Curriculum. Do you agree to have your child study at the school? □ Yes □ No

Rev. 2010 Page 2

لە یەکەم فۆرم، کە قوتابی تێیدا پڕی دەکاتەوە، بۆ وەرگیرانی لە قوتابخانەی ناوبراو، بە زمانی ئینگلیزی تێیدا نووسراوە: (classical school of the Medes follows a christian principle and curriculum.): لەقوتابخانەی میدیا بنەماو پرۆگرامی مەسیحی دەگوترێتەوە.

ئیدی نازانم دوای ئەوە چۆن هەم قوتابخانەکەو، هەمیش ئەو رۆژنامەنووسانە رێگە بەخۆیان دەدەن نکۆڵی لەو هەقیقەتە بکەن.

## خوا لە رۆژی حەوتەم پشووی دا

لە کتێبی (HUMANITIES GARD 5 MESOPOTAMIA)، چەند لاپەڕەی سەرەتاکەی، هەر لاپەڕەو وێنەیەکی گەورەی کردووە، کە خوا بە شەش رۆژ کەونی دروست کرد، لە یەکەم رۆژ روناکی دروست کرد، دوایی هەر شەش رۆژەکە هەژمار دەکات، ئەوەش نەك زانیاری لە کتێبی پیرۆز وەرگرتبێت، بەڵکو تەنها دەقەکەی کتێبی پیرۆزی هێناوە، بۆ نموونە لە لاپەڕە ٣ دەڵێت: (DAY1: GOD Creaded LIGHT)، لە یەکەم رۆژ خوا رووناکی دروست کرد.

دوای ئەوە هەر شەش رۆژەکان دەژمێرێت و، باسی شتەکان دەکات، بەڵام باسی رۆژی حەوتەم ناکات، کەچی لەلاپەڕە (١٢) وەك بۆشایی هەر شەش رۆژەکەی بەجێهێشتووە، تەنها رۆژی حەوتەمی نووسیوە، کە نووسراوە: (DAY7: GOD rested) واتە: خوا پشووی دا.

ئەگەر ئەو مەنهەجە هیچ لە شتەکانی دیکەی تێدا نەبا، ئەوەندە بەس بوو بۆ پێنارازیبوونی ئێمە، چونکە پێچەوانەی قورئانەو، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەسەر ئەو قسەیە زۆر توورە بوو، دواتر قورئان دابەزی و خوای گەورە فەرمووی: ئێمە ماندوو نەبووین (**وما مسنا مِن لُغوبٍ**).

## مەسیح لە خاچ درا

ئێمە رێز لە ئاقیدەی هەموو کەسێك دەگرین، مەسیحییەکان مافی خۆیانە ئاقیدەی خۆیان وەکو خۆیان بە منداڵەکانی خۆیان بڵێن، بەڵام ناکرێ بە شێوەیەك بە منداڵی موسڵمانان بگوترێت، کە پێچەوانەی قورئانی پیرۆز بێت.

لە کتێبی (Humanities Grade 4) لە لاپەڕە (٧٦) باسی ژیاننامەی حەزرەتی مەسیح دەکات سەلامی خوای لەسەر بێت، هەرچەندە




---

**جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان:**

## سومعەی خۆمان بە قوربانی هیچ کەس ناکەین

مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان پێش رۆیشتنی بۆ سەفەری حەج، بە (پەیام)ی راگەیاند: پێمان سەیرە کەسانێك بیانەوێت ئەو هەواڵە بشێوێنن، کە شێواندنی ئەو هەواڵە هیچ بەرژەوەندی وڵات و نیشتیمان و گەلەکەمانی تێدا نییە، ئێمە ئەگەر دڵنیانەبین قسە لەسەر ئەو شتانە ناکەین، قەتیش ئامادە نین سومعەی رێکخراوەکەمان بە قوربانی هیچ کەسێك بکەین، بۆیە ئێمە سوورین لەپێناو پاراستنی ئایینی هاوڵاتییانی کوردستان و، پارێزگاریکردن لە گیانی پێکەوەژیان بەرەنگاری هەر هەوڵێك ببینەوە، کە لە دوارۆژ ناسەقامگیری لەو وڵاتە بێنێتە ئاراوە.

---

**سەرۆکی یەکێتی زانایان:**

## هۆشداریدان لەو بابەتە پارێزگاریکردنە لەپێکەوەژیان

مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان لە لێدوانێکیدا بۆ (پەیام) دەڵێت: ئامانجی ئێمە لە بەدواداچوونی ئەو بابەتە پارێزگاریکردنە لە گیان و رۆحی پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان، چونکە کە ئێمە دڵنیابووین، لە پەنای وانەیەکی مێژوویی قوتابیان بە پەروەردەیەکی مەسیحی پەروەردە دەکەن، لەکاتێکدا زیاتر لە (٩٠٪)ی ئەو قوتابیانە موسڵمانن، ویستمان هەموو لایەك لێی ئاگادار بن، چونکە ئەگەر دەرەنجامەکانی دوارۆژ بەخراپی دەرکەون، کاریگەری زۆر نەرێنی بەسەر رۆحی پێکەوەژیان لەهەرێمی کوردستان دەبێت، کە ئێمەش نامانەوێت وابێت، بەڵکو ئێمە کار بۆ قوڵکردنەوەی پێکەوەژیانی ئایینی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەر بۆیەش باشترین پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحیەکان لەوەزارەتی ئەوقاف و قەشەو مەترانەکانیش هەیە، بەڵام ئەم کارانە ئەو برایەتییە بەرەو مەترسی دەبات، قەتیش بۆ خاتری هیچ کەسێك ناهێڵین ئەو برایەتییە تێك بچێت، بەڵکو یەکێك لەکارە سەرەکییەکانمان قوڵکردنەوەی ئەو پێکەوە ژیانەیە.

# سلێمانی‌و دهۆك ئینجیل لەپەناوی وانای مێژوو دەخوێندرێت



مەسیح لەخاچ درا

شێوازەکەی زۆر پێچەوانەی قورئانە، بەڵام لە هەمووی پتر ئەوەیە، کە لەلاپەڕە (٨٣) بە وێنە باسی ژیانی مەسیح دەکات، کە کۆتاییەکەی لە خاچ دراوە، کەچی قورئان بە راشکاوانە دەفەرمووێت: مەسیح نەکوژراوەو لە خاچیش نەدراوە، بەڵکو خوا بەرزی کردەوە، وەك دەفەرمووێت: (**وما قتلوه وما صلبوه**).

## لە کتێبی پیرۆزدا

لە لاپەڕە (٧٩)ی هەمان کتێب ناونیشانی یەکەمیان نووسراوە (Ancient civilizations and the bible): واتە: شارستانیە کۆنەکانو کتێبی پیرۆز.

## مێژووی مەسیحیەت

کتێبی (Humanities Grade 6) هەمووی تەرکیزە لەسەر شارستانیەتی مەسیحی‌و گەورەیی مەسیحی‌و ئەوانەی بەدوای مەسیح کەوتوونە، کە لێوانلێوە لە پەروەردەیەکی مەسیحی، کە بەداخەوە وێنەی چالاکی لەکتێبەکە لەبەر دەستمان دایە، کە زۆر شتی هێشتا بۆ ئێمە روون نەبوو، تەنها کەمە شتێکی لەسەر ئیسلام تێدایە، کە لەو کتابە تەواو روون نییە مەبەستیان چییە، خۆزگە



دەقەکانی ئینجیل ناونیشانی سەرەکی بابەتەکەن

کتێبی ئەسڵیان دەدایینێ بۆ ئەوەی تەواو لە مەبەستەکە تێبگەین، کە ئێمە هەندێك گومانمان لە بۆشاییەکان هەیە، بەتایبەتی پەرەگرافەکانی کۆتایی ئەو لاپەڕەی باسی ئیسلام دەکات.


Ancient Civilizations and the Bible
Hands-On History Fun
Create-A-Craft: Shepherd, Lamb, and Angel Puppet Heads

You will need:
-various colors of construction paper, cut into 9" x 5" lengths, including white for the lambs
-sticky tape and glue
-scissors
-markers to draw designs
-cotton for lambs and beards
-long strips of paper for hair (dark, light, whatever color of hair you want!)
-white paper to cut into wings (for angels)

First, roll the paper into a cylinder or tube shape to see how the puppet head will look. Second, flatten the paper in order to draw the eyes, nose and mouth for each puppet head. Third, roll the paper back into the tube shape, overlap the edges of the paper, and tape or glue them together.

Make the shepherd head puppets by gluing cotton balls on their lower face as beards. You may want to use a marker to darken their beards. Glue or tape hair (long strips of paper) to the top of their heads. You may want to either draw colored robes for the shepherds or make them out of construction paper.

Make the angel head puppets out of white paper. Draw and cut out wings. Glue the wings to the back of the angel head. Add cotton for hair, or long white strips of paper if you prefer.

Add any other special details that you wish your puppets to have.

Now that you have these puppet heads, put on a puppet presentations of the angels appearing to the shepherds who were watching their flocks by night.

Remember, the angels praised God and said,

"Glory to God in the Highest,
And on earth, peace, good will toward men!"

شارستانی کۆنو
کتێبی پیرۆز




جێی باسە هەر ئەو کتێبە باس لە بەختەوەری ئەو گەلانە دەکات، کە بوونە مەسیحی.

## بە کورتی‌و بە کوردی

ئەگەر تەواوی ئەو شوێنانە باس بکەین، کە ئەو پرۆگرامە لەروانگەی مەسیحیەتەوە باسیان کردوونە، یان






**بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان**
**لەوەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی کوردستان**

## ئەو قوتابخانەیە تا دوو هەزاریش سەر بە کەنیسە بوو

بەڕێز خالید ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ (پەیام) روونی دەکاتەوە، کە ئەو قوتابخانەیە، کە لە نەوەدەکان کرایەوە، تاکو دوو هەزاریش راستەوخۆ سەر بە کەنیسە بوو، بەڵام دوایی کردیانە سەر بە کۆمپانیایەکی ئەهلی.
دەربارەی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بەڕێزیان دەڵێت: ئەوە لێك تێنەگەیشتنەك هەبوو، لەو قوتابخانەیە ئینجیل وەکو وانەی سەربەخۆ ناخوێندرێت، بەڵام چۆن موسڵمانان لەوانەی مێژوو و پەروەردەی ئیسلامی پشت بە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر دەبەستن، ئەو قوتابخانەیەش پشت بە ئایەتو دەقەکانی ئینجیلو کتێبی پیرۆز دەبەستێت، بۆیە ئەو قوتابخانەمان ئاگادار کردۆتەوە، کە دەبێ بەڵێننامە بدات، هەموو ئەو شتانە لا ببات کە پەیوەستە بە ئایینی مەسیحییەوە، بۆ ئەوەی هیچ شتێکی تێدا نەبێت، کە پەیوەست بێت بە ئایینی مەسیح‌و ئیسلام‌و هەر ئایینێکی دیکە. ئەوانیش قەناعەتیان کردووە، کە مەنهەجەکە بگۆڕنو کتێبی تازە چاپ بکەن، کە بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە هیچ ئایەتێکەوە نەبێت.

ئایەتەکانی ئینجیل بژمێرین، پێویستی بە یەك کیتاب دەکات، لەکاتێکدا هیچ پەروەردەی ئیسلامی تێدا نییە، بۆیە ئەو قوتابییەی ئەو پرۆگرامە بخوێنێت، هەستو بڕوایەکی تەواو پێچەوانەی ئیسلامی بۆ دروست دەبێت، کە گەورەش بوو، ئەو شتانە بەلای ئەو دەبنە هەقیقەتو، شتەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشی لەلا دەبنە گومانو جێی پرسیار، بۆیە هەر ئەوەندە بەس نییە، کە ئایەتەکانی ئینجیل لاببرێن، بەڵکو پێویستە ئەو مەنهەجەی زانستە مرۆییەکان تەواو بگۆڕێت.
یان ئەوانە بگۆڕدرێنو، مەنهەجێکی وەك قوتابخانەی ئەڵمانی‌و فەرەنسی‌و شوێفاتو ئەوانەیان بۆ دابندرێت، کە پەروەردەی ئیسلام‌و مێژووی کوردو وانەی کوردی دەخوێندرێت.

